# له ئێمه نییه ئەو کەسەی: له خۆی بدات، یان کراسەکەی بدڕێت، یان دەنگ وهاواری لێوه بەرز ببێتەوه وەکو سەردەمی جاهیلیەت

له عبداللەی کوڕی مەسعودەوه -ڕەزای خوای لێبێت- که پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «له ئێمه نییه ئەو کەسەی: له خۆی بدات، یان کراسەکەی بدڕێت، یان دەنگ وهاواری لێوه بەرز ببێتەوه وەکو سەردەمی جاهیلیەت (سەردەمی نەفامی -پێش ئیسلام-)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەوەی خوای گەورە بیباتەوه بۆ لای خۆی وئەوەی بیبەخشێت هەر هەمووی موڵکی خۆیەتی، وئەمیش ئەوپەڕی حیکمەتی تێدایه، وئەوەی ڕەخنه بگرێت وناڕازی بێت بەهۆی ناخۆشیەکان وەکو ئەوه وایه ناڕازی بووه ورەخنەی گرتووه له قەزا وقەدەری خودا که هەمووی حیکمەتی تێدایه وبۆ بەرژەوەندی بەندەکانه، وبنچینەی دادپەروەری وچاکەکاریه. بۆیه پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوه دەکات هەرکەسێک تورەیی دەرببڕێت ورەخنه بگرێت له قەزا وقەدەری خوای گەوره ئەوا هەڕەشەی توندی لەسەر هەیه وئەمەش بەڵگەیه لەسەر ئەوەی که ئەو تاوانانەی لەم فەرموودەیەدا باسکراوه له تاوانه گەورەکانن چونکه هەڕەشه کردنی تێدایه.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5380

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee